# ئاپا

شێوازێکی ستانداردی سەرچاوەنووسین (ڕێفرەنس‌نووسین) لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا

لە دنیای ئەمڕۆدا بە هۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی بڵاوکردنەوەی ئازاد لە فەزای مەجازی و تۆڕی ئەنترنێتدا، سەرچاوەکانی نووسین، توێژینەوە و هەواڵ گرینگی تایبەتی هەیە و یارمەتیدەری بیری ڕەخنەگرانەی نووسەران، ڕۆژنامەوانان و توێژەرانی بوارە جیاجیاکان دەدات. هاوکات ئەو متمانەیە بە خوێنەر دەدرێ کە تا چەندە لێکۆڵینەوەکان زانستین و جێگای متمانەن.

لە فەرهەنگی کوردستانیکای کوردیدا بۆ وشەی ڕێفرەنس (Reference)، وشەگەلی "سەرچاوە، ژێدەر، چاوگ، چاڤکانی، گەڕانەوەگا" بەکار هاتووە کە، لە کۆتایی نووسراوە و توێژینەوەکانی نووسەرانی کورددا زیاتر "سەرچاوە و ژێدەر" کەڵکی لێ وەرگیردراوە. شێوازەکانی سەرچاوەهێنانەوە لە نووسینی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، پێوەندی بە چۆنیەتی ڕێکخستنی زانیاریی و دەستڕاگەیشتن بەو زانیاریانەوە هەیە. وشیاری توێژەر بە شێوازەکانی سەرچاوەنووسین، دڵنیایی و باوەڕمەندیی بە خوێنەر ئەدات کە، تا چەندە پرینسیپەکانی ئەخلاقی لە توێژینەوەکەیدا پاراستوە و ئەمانەتداری لە چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتنی سەرچاوەکاندا هەبووە. سەرچاوەکانی نووسین زیاتر بەڵگەنامە، کتێب، کتێبی خاوەن دوو یان چەند نووسەر، ڕۆژنامە، گۆڤار، دەقی یاسایی، وتاری ماڵپەڕ، وێنەی مێژوویی، وێنەی ماڵپەڕ، فیلم، ڤیدیۆ و کلیپ، دەنگ و پادکاست و ... هەتا دوایین. لەبەر ئەوەیە کە لێکۆڵەر پێویستی بەم سەرچاوەگەلە هەیە بۆ ئەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە هەموو بوارێکی زانستییەوە دەوڵەمەند بکات. هاوکات پرسێکی ئەخلاقییە کە، توێژەر دەبێت ئاماژە بەو سەرچاوەگەلە بکا کە کەڵکی لێوەرگرتووە. ئەگینا کەڵکی خراپ وەرگرتن لە سەرچاوە**کان بە** دزی ئەدەبی دەژمێردرێ و هەتا ئەوەی کە توێژەر بێ ئێعتبار دەکات.

لە دنیای ئەمڕۆدا شێوازگەلی جۆراوجۆر بۆ گەیاندنی زانیاریی لە بارەی سەرچاوەکانەوە هەیە و بەکار دێت. زۆربەی زانکۆکانی دنیا، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و بگرە وڵاتەکانیش شێوازێکی فەرمی بۆ ژێدەرنووسین لە بەستێنەکانی زانستدا دیاری دەکەن بۆ ئەوەی کاری توێژینەوەی زانستی ئاسان بکرێتەوە.


وەکوو نووسەر، ڕۆژنامەنووس و خوێندکار پێویستە کە لەگەڵ شێوازەکانی سەرچاوەنووسین ئاشنا بین. لێرەدا وەک پێشنیار بۆ نووسەران و توێژەرانی کورد، بە باشم زانی کە شێوازی ئاپا APA بۆ لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکار بهێنین کە شێوازێکی ستاندارد و سادەیە. لەم ڕێگایەوە، نووسەران دەتوانن خۆیان لە شپرزەیی نووسینی سەرچاوەنووسین ببوێرن و هاوکاتیش ئاسانتر سەرچاوەکان بە خوێنەر بناسێنن.

ئاپا یان American Psychological Association شێوازێکی زۆر باو و ستانداردی سەرچاوە نووسینە لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

لێرەدا بە کورتی چوارچێوەیەکی باو و ستانداردی **ئاپای ٧** بۆ سەرچاوەنووسین بۆ کتێب، وتاری ڕۆژنامە، گۆڤار، وتاری ئەنترنێتی، بڵاوکراوە و بەڵگەنامەی فەرمی (دەقی یاسایی، ...)

فۆرمی ستانداردی سەرچاوە نووسینی ئاپا بەم شێوەیە:

**Figure 9.1** Example of Where to Find Reference Information for a Journal Article




https://apastyle.apa.org/style-grammar-guidelines/references/basic-principles

## کتێب:

کتێب: یەک نووسەر:

لە ناو دەقی نووسینەکەدا بەم شێوە ئاماژەی پێ دەکرێ:

فۆرم: (نازناوی نووسەر، ساڵ، ل. ژمارەی لاپەڕە).

نموونە: "........" (باخەوان، ٢٠٠٣، ل.٤٦).

لە بەشی سەرچاوەکانی نووسراوەکەدا:

فۆرم: ناو، نازناوی نووسەر.(ساڵ). سەردێڕ (ناونیشان)ی کتێبەکە: هەموو سەردێڕەکە پێکەوە. (چاپی یەکەم، ...). شوێن. چاپخانە یان ناوەندی بڵاوکراوەکە.

نموونە:

باخەوان، هاورێ. (٢٠٠٣). کوردستان نیشتمانی یەکەمی سۆمەرییەکان. چاپی دووهەم. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

تێبینی: دانانی کەوان، کۆما و خاڵ لەم شێوازەدا گرینگی هەیە و دەبێت لە شوێنی خۆیدا بێت. هەروەها سەردێڕ یان ناونیشانی کتێبەکە دەبێ <u>لار</u> بکرێت.

**کتێب دوو یان سێ نووسەر:**

هەمان تێبینییەکانی سەرەوە ڕەچاو دەکرێت، تەنیا ئەوەی کە ناوی هەر دوو نووسەرەکە پێکەوە دەنووسرێت.

فۆرم:

لە دەقەکەدا:

(نازناوی نووسەری یەکەم و نازناوی نووسەری دووهەم، ساڵ. ل. ژمارەی لاپەڕە).

هەروەها لە سەرچاوەکاندا، ناوی هەردوو نووسەر دەنووسرێ و شێوازی سەرەوە بەکار دەهێنرێت.

فۆرم:

نازناو، ناوی نووسەری یەکەم و نازناو، نووسەری دووهەم. (ساڵ). سەردێڕی کتێب. چاپ (یەک، دوو، ...). شوێن. چاپخانە یان ناوەندی بڵاوکردنەوە.

تێبینی: بۆ کتێبێ کە چەند نووسەر پێکەوە نووسیویانە، پێویستە ناوی هەموو نووسەرەکان بەم شێوازە بنووسرێت.

**وتار:**

هەر دوو شێوازەکانی سەرەوە بۆ یەک نووسەر یان چەند نووسەر بەکار دێت. تەنیا شتێک کە زیاد دەکرێ، ناونیشانی ماڵپەڕ یان ڕۆژنامە یان گۆڤار و هەروەها ئادرەسی ماڵپەڕەکە و لینکی وتارەکەیە.

فۆرم:

لە ناو دەق: هەر وەکوو فۆرمی کتێب بە نووسەر یان چەند نووسەرێک.

... (نازناوی نووسەر، ساڵ. ل. ژمارەی لاپەڕە).

لە کۆتایی دەق یان لیستی سەرچاوەکاندا:

فۆرم: نازناو، ناو. (ساڵ). سەردێڕ. ناوی گۆڤار، یان ماڵپەڕ. ژمارەی گۆڤارەکە. وەرگیراوە لە: لینکی وتارەکە<https://doi.org/<doinummer.

بۆ وتارێ کە نووسەر یان چەند نووسەری هەیە هەمان شێواز ڕەچاو دەکرێت.

**دەقی یاسایی:**

فۆرم:

(سەردێڕی یاسا، ساڵ، پاراگراف§ یان بڕگەی ژمارە ...).

لە لیستی کۆتایی سەرچاوەکاندا:

فۆرم:

ناوەندی بڵاوکردنەوەی یاساکە (زیاتر پارلەمان، ...). (ساڵ). سەردێڕی تەواوی یاساکە. (کۆدی یاسا). لینکی یاساکە لە تۆڕی ئەنترنێتدا.

**تێبینی:**

بۆ شێوازی سەرچاوەنووسینی وێنە، پادکاست، ڤیدیۆ، کلیپ، ... دەکرێت شێوازەکانی سەرەوە کەڵک وەربگیردرێت.

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە شێوازی ئاپا دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ئاپا بکەن و لە نوێترین گۆڕانکارییەکان لەو شێوازە ئاگادار بن.

https://apastyle.apa.org

لەم ڤیدیۆیەدا زۆر بە کورتی پرینسیپە سەرەتاییەکانی ئاپای شی کردۆتەوە:

https://www.youtube.com/watch?v=Nmc5kWuRdgM&ab_channel=UofSCAikenLibrary

**بەکارهێنانی ئاپا لە وۆرد ئۆفیسدا**

کۆمپانیای مایکرۆسافت هەمیشە خۆی لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکانی سەرچاوەنووسین ڕێک دەخات. نووسەران دەتوانن وەک فۆرمێکی ئامادە کەڵکی لێ وەربگرن و بەکاری بهێنن. بەڵام دەبێ ئاگادار بن کە هەمیشە هەموو زانیارییەکانی سەرچاوەکە لە خانەکاندا پڕ بکەنەوە و لە کۆتایی پرۆژەکەیاندا جارێکی دیکە پێداچوونەوەی بکەن، لەبەر ئەوەی کە وۆرد بە شێوەی ئۆتۆماتیکی کارەکانی دەکات و زۆرجار ئالگۆریتمێکی هەڵە سەرچاوەکان تێکەڵ دەکات.

بۆ زیاتر ئاشنابوون دەکرێ سەردانی لینکی ئەم ڤیدیۆیە بکەن:

https://www.youtube.com/watch?v=kEdpjsOEVVc&ab_channel=HowtowithRj

بە گەڕانێک بە ناو دنیای ئەنترنێتدا، زۆر ڤیدیۆی فێرکاری لەو بارەوە دەست ئەکەوێت.

تێبینی: زۆربەی زانکۆکانی دنیا لە پرۆگرامی EndNote بۆ سەرچاوەنووسین کەڵکوەردەگرین کە زانستیتر و ڕێکخراوترە.

هیوادارم کە سوودی بۆ نووسەران هەبێت.

لەگەڵ ڕێز

ئەفراسیاب گرامی

هەوالنامەی کتێب